# مامۆستا جەمال تاهیر سەرکردەیەکی لێهاتووی خەباتی شارو شاخ و قارەمانێکی زیندان بوو

خوێندنەوەیەکی وردی مێژووی سیاسی گەلانی ڕزگاریخواز, ئەو ڕاستییەمان بۆ ئەسەلمێنێ کە لە نێوان ئەو چەندان تێکۆشەرەی لێبڕاوانە, تێکەڵ بە کاروانی خەبات دەبن, ژمارەیەکی بەرچاویان لە بوارێك یان قۆناغێکی دیاریکراودا, ئەبنە نموونەو پێشەنگ, لەوانەش کەسانێکی کەمیان ئەتوانن ببنە نموونەیەکی ناوازەو لێهاتوو, لەچەند بوارو قۆناغێکی خەباتدا, کە شەهیدی سەرکردە مامۆستا جەمال تاهیر-ی ژیرو کوردپەروەر, یەکێك بوو لەو نموونە دەگمەنانە کە لەکاری پیرۆزیپەروەردەدا, مامۆستایەکی دڵسۆزو سەرکەوتوو بووەو پۆلەکانی خوێندنی کردبووە فێرگەی کوردایەتی, لەوکاتەوەش تێکەڵ بە کاروانی خەبات بوو, هەنگاو بەهەنگاو قۆناغ بەقۆناغ, پلەو پۆستەکانی بڕیو بەرەوپێشچوو, تا بووە کادرێکی پشوو درێژو قاڵبووی خەباتی سیاسیو ڕێکخراوەییو سەرکردەیەکی بە ئەزموونی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان, کاتێکیش هەرەسەکەی ساڵی1975 ڕوویداو سەرکردایەتی ئەوسای شۆڕشی ئەیلول بڵاوەیان بەهێزی پێشمەرگەو جەماوەرەکرد, بێ ئومێدیی باڵی ڕەشی بەسەر کوردستاندا کێشا, مامۆستا جەمال-ی کۆڵنەدەر, ئۆقرەی لەبەر بڕاو هەموو ژیانو هێزو توانای خۆی تەرخانکرد بۆ بەرگریکردن و کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەو کۆستە لەسەر تێکۆشەرانو دڵسۆزان, تا بێ ئومێد نەبن و تەسلیم بەو واقیعە ناهەموارە نەبن و دڵی دوژمن خۆش نەکەن, ئەوەبوو هەر لەسەرەتای دامەزراندنی (ی.ن.ك)ەوە, دەستیکرد بە پەیوەندیکردن بەوکەسانەوە کە جێگە متمانەی بوونو کۆیئەکردنەوەو ڕێکیئەخستنو کۆبوونەوەی لەگەڵ سازئەدان, بەمەبەستی سەرلەنوێ خۆسازدانەوە, بۆ خەبات لە ژێر ئاڵای شۆڕشێکی نوێدا, شۆڕشێك کە بە (بیرو بەرنامە, پێکهێنانی سەرکردایەتی, شێوازی خەباتو کارکردن, ئامانجو ستراتیژ) نوێبوو, بەڕێنوێنیێ ڕێکخستنێك کە ڕێبەرەکانی لە ڕەنجدەرانی بیرو بازوو بوونو هەڵقوڵاوی ناو هەناوی جەماوەرەکەی بوونو بە هیمەتو عەزیمەتێکی بێ وێنەوە, بەگژ ئەو دوژمنە سەرسەختەو ئەو هەلومەرجە ناهەموارەی دوای هەرەسدا ئەچوونەوەو ئەیانویست واقیعی ژێردەستەییو زەلیلیی بگۆڕن, بەسەربەستیو سەربەرزی..

بەڵێ: ئابەو شێوەیە مامۆستا جەمالی هێمنو کوردپەروەر بووە پێشەنگی قۆناغی هەستانەوەی دوای هەرەسو لەو ڕۆژگارە سەختو دژوارەدا, لێبڕاوانە شانیدایە بەر مەسئولیەتی مێژوویی و دەیان و سەدان تێکۆشەری ڕێکخستو پەروەردەکردو سەرپەرشتی ڕێکخستنە نهێنییەکانی ئەکردو بەهەق بووە سەرکردەیەکی لێهاتووی (خەباتی نهێنی ناوشارەکان) تا ساڵی 1979 کە لەلایەن ڕژێمەوە دەسگیر کرا, لەوێشدا مامۆستا جەمال تاهیر (هاوڕێ سەرکەوت)نموونەی ورە بەرزییو خۆراگری بوو نهێنییەکانی ڕێکخستنی لەناو دەمارەکانی جەستەیو خانەکانی مێشکیدا گلدایەوەو پاراست بەو هەڵوێستە جوامێرانەی, هێندەیتر تێکۆشەرانی چاوقایم کردو هانیدان بۆ کارکردنو خەبات.. دواتریش کە ناچار بوو ڕێگەی خەباتی شاخ بگرێتە بەر, لە ماوەیەکی کەمدا, بووە خۆشەویستی ناو هاوڕێیانیو جێگەی ڕێزو متمانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو جەماوەر, بەتایبەتی دوای سەرکەوتنی لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەدا کە پێی سپێرابوو, بۆیە شەرەفی ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك)ی پێڕەوا بینرا. مامۆستا جەمال لەخەباتی پێشمەرگانەی شاخیشدا,کارو ئەرکی زۆری پێ سپێردرابوو, هەمیشە سەرقاڵی خەباتی سیاسیو پێشمەرگانەو ڕێکخراوەیی بوو.

بەڵام مامۆستایانی هاوپیشەی خۆی لە بیر نەکردو دەست پێشخەری کرد لە دامەزراندنەوەی (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان)داو نامەی نارد بۆ مامۆستایانی شارو شاخ, تا هەنگاوی عەمەلی بۆ بنێن‌و سەرئەنجام هەوڵەکەی بەرهەمی خۆیدا بەدەستەوەو (ی.م.ك) لەسەردەستی کۆمەڵێك مامۆستای دڵسۆزو خەمخۆر پێکهێنرایەوەو کۆنفرانسی خۆیگرێداو گۆڤاری (خەباتی مامۆستا)یان دەرکرد.

بەداخ‌و پەژارەیەکی زۆرەوە, مامۆستا جەمال‌ی ماندووی نەناس, دوای چەندین ساڵ خەبات‌و تێکۆشانی بێوچان‌و دەست پێشخەری‌و داهێنانی پێویست‌و گونجاو, لە هاوینی 1983داو لە کاتێکدا کە کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك)ی بۆ تاوتوێکردنی مەسەلەی گفتوگۆ, ئەندامانی سەرکردایەتی باڵەکانی ناو (ی.ن.ك)ی بانگهێشت کرد, بۆ کۆبوونەوەو لێدوان لەسەر ئەو مەسەلەیە, مامۆستا جەمال تاهیریش یەکێك بوو لەوسەرکردانە کە دەبوو ئامادەی کۆبوونەوەکە بێت, ئەفسووس لەو سەفەرە نەهاتەدا, لە رووداوێکی چاوەڕوان نەکراودا, بەکارەساتی ئۆتۆمبێل لە رۆژی 1983/7/14چاوەکانی لێکناو بۆ دواجار ماڵئاوایی لە کوردو کوردستان‌و کوردایەتی کردو بەشەهید بوونی مامۆستا جەمال تاهیر گەلی کوردستان‌و (ی.ن.ك) سەرکردەیەکی خۆشەویست‌و دڵسۆزو ژیریان لەدەستدا, بەڵام ڕەوشتی بەرزو گیانی نەبەزین‌و کۆڵنەدانی بە میرات بە جێهێشت بۆ هاوڕێکانی کە کاروانی خەباتیان ئاوەدانکردۆتەوەو درێژەیان پێداوە ئێمە لەکاتێکدا باسی شەهیدبوونی ئەم مرۆڤو سەرکردە ژیرو هێمن‌و پشوو درێژە ئەکەین‌و بیرەوەرییەکان ئەخەینەوە پێش چاوو رێز لە دڵسۆزی و خەبات‌و تێکۆشانی بێوچانی ئەگرین, وەفاو خۆشەویستی‌و ئەمەکی خۆمان ئەکەینە چەپکە گوڵێکی بۆنداروڕەنگین‌و لەسەر مەزاری پیرۆزی دایئەنێین‌و بەڵێن ئەدەین کە درێژەپێدەرو تەواوکەری ڕێبازە پیرۆزەکەی بین.. هەزاران درودو سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستا جەمال تاهیری رێنوێنی خەباتی شارو سەرکردەی لێهاتووی خەباتی شاخ‌و قارەمانی زیندانەکان..

*وەك وەفادارییەك بۆ خەبات‌و تێکۆشان‌و هەڵوێستی جوامێرانەی مامۆستا جەمال (بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی) لەسەر پێشنیازی (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان)و ڕەزامەندیی بەڕێز (وەزارەتی پەروەردە) خوێندنگەیەکی ئامادەیی نموونەییان لە گەڕەکی تووی مەلیکی سلێمانی بەناوی شەهید مامۆستا جەمال تاهیر-ەوە ناونا..

ئەحمەد ساڵح